# شێوازەکانی وشە خواستن لە زمانی کوردیدا

**مەهاباد کامیل عەبدوڵا [١]، پێشکەوت مەجید محەمەد [٢]**

[١] بەشی زمانی کوردیی، سەرۆکی زانکۆی هەڵەبجە، شاری هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق

[٢] بەشی زمانی کوردیی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان، شاری کەلار، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: mahabad.abdullah@uoh.edu.iq

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەکە بە ناونیشانی (شێوازەکانی وشەخواستن لە زمانی کوردیدا)یە، تیشکدەخاتە سەر ئەو پرۆسانەی، کە زمانی کوردی بۆ خواستنی وشە لە زمانەکانی ترەوە پەیڕەویکردووە. بەهۆی پێشکەوتن و گۆڕانی بیرکردنەوەی کۆمەڵ، بە بەردەوامی کەرەستە و چەمکی نوێ سەرهەڵدەدەن، کە بۆ ناسینەوە و لێکجیاکردنەوەیان ناودەنرێن، بەهۆی هۆیەکانی جیهانگیریشەوە بە خێرایی بە وڵاتاندا بڵاودەبنەوە، زمانێکیش بۆ ئەوەی لەگەڵ گۆڕانی کۆمەڵەکەیدا هەنگاوبنێ, ڕێگای جۆراوجۆر بۆ ناونان و ناساندنی ئەوکەرەستە و بیرە نوێیانە دەگرێتەبەر، لەلایەکەوە بە پشت بە خۆبەستن وشەی نوێ بۆ بەشێك لەو کەرەستە و چەمکانە سازدەکات، لەلایەکی تریشەوە ڕێگەی خواستنی وشە لە زمانەکانی ترەوە دەگرێتەبەر. زمانی کوردیش وەکو زۆربەی زمانەکانی تری جیهان شانبەشانی سازکردنی وشە، بە چەند شێوازێك لەڕووی فۆرم و واتا و بیرکردنەوەی کۆمەڵ و پەیوەندی نێوان زمانەکان وشەی لە زمانەکانی ترەوە خواستووە، وەکو: (هاوردە، وەرگێڕان، گوزارشتلێکردن، تێکەڵکردن، گۆڕینی واتای وەرگیراو، ئاوێتەکردن، لێکدان، خواستنەوەی خواستراو، گۆڕینەوەی وشەی خواستراو، ڕێگای ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ).

**کلیلە وشە:** (خواستنی زمانیی، وشەخواستن، وەرگێڕان، گوزارشتلێکردن ، ڕێگای ڕاستەوخۆ)

**ملخص:**

البحث بعنوان (اساليب اقتراض الالفاظ في اللغة الكوردية)، تسلط الضوء على عمليات وطرق اقتراض الالفاظ من اللغات الاخرى الى اللغة الكوردية. والتطورات والتغييرات التي تحدث في التفكير المجتمعي تؤدي الى ظهور مفاهيم ووسائل جديدة وحديثة وتكون تسميات تلك المفاهيم والوسائل لاجل معرفتها وتميزها عن بعض، وللعولمة دور كبير في نشرها في ارجاء العالم، وان اي لغة من لغات العالم من اجل ان تتكيف مع تلك التغييرات تتخذ طرق وخطوات متعددة لتسمية وتعريف تلك المفاهيم والوسائل الحديثة، بالاعتماد على نفسها من صياغة الفاظ جديدة لبعض تلك المفاهيم والوسائل من جهة، ومن جهة اخرى تعتمد اقتراض الالفاظ من لغة اخرى. واللغة الكوردية شأنها شأن اللغات الاخرى في العالم اقترضت الالفاظ باساليب مختلفة من حيث الشكل والمعنى والتفكير المجتمعي والعلاقة بين اللغات، مثل:(الاستيراد، الترجمة، التعبير، تغيير معنى المترجم، اعادة الاقتراض، تبديل اللفظ المقترض، طرق مباشرة وغير مباشرة...الخ).

**الكلمات المفتاحية:** (الاقتراض، الاقتراض الألفاظ، الترجمة ، التعبير، طرق مباشرة)

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٧ ژمارە ٣ ساڵی(٢٠٢٢) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٤/١٠ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٦/٢٠ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٢/٩/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | mahabad.abdullah@uoh.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٢ پ.د.مەهاباد کامیل عەبدوڵا، م.ی.پێشکەوت مەجید محەمەد، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**Abstract:**

The study which is entitled (Borrowing Patterns in Kurdish Language) concentrates on the procedures which Kurdish language followed in borrowing from other languages. Due to the development and change in people's way of thinking, new concepts and constituents have been appearing. For their differentiation and identification, the borrowed concepts ought to be named. For the globalization reasons, they spread around the world very rapidly. To go in line with community change, language also takes various methods to name and identify the new constituents and new ideas. On the one hand, it depends on coining new words for the new concepts and constituent. On the other hand, it borrows words from other languages. Like any other languages, Kurdish language, apart from coining new words, borrowed words from other languages in various ways, with respect to form, meaning, social view and the relationship among languages, such as (imported, translation, loan interpretation, loan blending, substituted, compounding, loan shift, re-borrowing, loan exchange, direct and indirect borrowing).

**Keywords:** (Borrowing word, loan word, loan-translation, loan interpretation, direct borrowin)

## پێشەکی

### ناونیشانی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە بە ناونیشانی (شێوازەکانی وشە خواستن لە زمانی کوردیدا)یە، کە تیشکدەخاتەسەر دەرکەوتووترین و بەربڵاوترین کاریگەری زمانەکانیش لەسەر یەکتریی، کە ئاڵوگۆڕی وشەیە، کە یەکێکە لە نیشانەکانی زیندوویەتی زمان و بە شێواز و ڕێژەی جیاواز ڕەنگدانەوەی لە هەموو زمانێکدا هەیە. زمانی کوردیش وەکو زمانەکانی تری جیهان بۆ پڕکردنەوەی بەشێك لە پێویستییە زمانییەکانی بە چەندین شێوازی جیاواز وشەی لە زمانەکانی ترەوە خواستووە و فەرهەنگەکەی دەوڵەمەندکردووە.

### گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە، کە زمانی کوردی بۆ پڕکردنەوەی بەشێك لە پێویستییە زمانییەکانی بە چەند شێوازێك وشەیەکی زۆری لە زمانەکانی ترەوە خواستووە و بە بەردەوامیش لە زیادبووندان.

### ئامانجی توێژینەوەکە:

دیاریکردنی سەرجەم ئەو شێوازانەیە، کە زمانی کوردی لە وشە خواستندا پەیڕەویکردووە.

### ڕێبازی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە بە ڕێبازی (وەسفی شیکاریی) ئەنجامدراوە، ئەو وشە خوازراوانەی لە ئێستای لە زمانی کوردیدا بەکاردێن و چالاکن، لە توێژینەوەکەدا بەکارهێنراون، هەروەها لە ڕێگەی شیکردنەوەیانەوە سەرجەم شێوازەکانی وشە خواستن لە زمانی کوردیدا دیاریکراون.

### سنور و کەرەستەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لە سنوری دیالێکتی ناوڕاستی زمانی کوردیدایە، هەروەها کەرەستەکانیشی زیاتر ئەو وشە خواستراوانەن، کە بەسەر زاری خەڵکەوەن.

## ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا خواستنی زمانیی بە شێوەیەکی گشتی وشەخواستن وەکو بەربڵاوترین جۆری خواستنی زمانیی باسیان لێوەکراوە، لە بەشی دووەمیشدا هەموو ئەو شێوازانەی، کە زمانی کوردی لە پرۆسەی وشە خواستندا پەیڕەویکردووە بە نموونەوە دیاریکراون، هەروەها ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

## بەشی یەکەم:

## (وشەی خواستراو لە زمانی کوردیدا)

### ١-خواستنی زمانیی(Borrowing Word):

سروشتی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵ وا دەخوازێت، لەگۆڕانی بەردەوامدا بن، کۆمەڵگا جیاوازەکان سەرەڕایی بوونی سامانێك لە مێژو و کولتور و ڕۆشنبیری و هونەر و زانست و...هتد، تایبەت بەخۆیان، پێویستییان بە سودوەرگرتن و ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموونی یەکتریش هەیە، ئەمەش لە ڕێگەی زمانەوە بەدیدێت. چونکە (مرۆڤ لە دەوروبەر دابڕاو نییە، وەك بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، هەوڵیداوە لەگەڵ ئەو دەوروبەرەدا لە پەیوەندییدا بێت، لەم تێکەڵی و پەیوەندییەدا لەهەموو بوارێکی ژیاندا کەرەستەی بەخشیوە و لەبەرامبەریشدا کەرەستەی وەرگرتووە، هەندێجار بۆتە هۆی بەرەو پێشچوونی زمانەکە و هەندێجاریش تێکدانی یاساکانی و شێواندنی (حەسەن، ٢٠٠٨، ٢٧)، ((هەموو زمانەکان لە ماوەیەکی دیاریکراوی مێژووەکەیدا گۆڕانکاری بەسەردا دێت، گەلێك جار گۆڕینەکە هێندە لەسەرخۆیە، کە پاش تێپەڕبوونی چەندین ساڵ هەستی پێدەکرێت و پێیدەزانرێت، کە دەشێت لە گشت لایەنەکانی زماندا ڕووبدات لە دەربڕین و سینتاکس و فەرهەنگدا، چەشنێکی ئەم گۆڕینەش وەرگرتنە(مەحوی،٢٠١٠، ١٢٧). هەتاوەکو تێکلاوی و پەیوەندیکردن زیاتربێت، بەریەککەوتنی کۆمەڵگا جیاوازەکان زیاتر دەبێت، زمانەکانیش زیاتر کاریگەری دەکەنەسەر یەکتر، بەمەش قەبارەی ئاڵوگۆڕی کەرەستەی زمانی نێوانیان فراوانتر دەبێت. Mehwi & Aziz, 2018), (Abdullah, Muhammad& Othman, 2020), (- Abdullah & Muhammed,) .(2021)

لە پێشوودا زمانە جیاوازەکان لە ئەنجامی تێکلاوی و پەیوەندیکردن لەنێوان ئاخێوەرانیان بە هۆکارەکانی (داگیرکردن و سیاسەت و ڕامیاری و بازرگانی و کۆچ و خوێندن و ئاین...هتد)، ڕاستەوخۆ بەریکدەکەوتن، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی هۆیەکانی جیهانگیرییەوە بە تایبەتی (هۆیەکانی پەیوەندیکردن و ئاسانکارییەکانی هاتوچۆ و ڕاگەیاندن و بایەخی خوێندن...هتد، زمانەکانیش هەر لەسەر زەوی کۆمەڵەکەی خۆیانەوە بەریەکدەکەن و ململانێی یەکتری دەکەن، یەکێك لە ئەنجامەکانی ئەم بەریککەوتن و ململانێیانە، خواستنی کەرەستەی زمانییە ، کە بریتییە لە ((هەڵگرتنەوە و بەکارهێنانی ئەو کەرەستە زمانیانەی، کە لە زمانێك یان زارێکی تردا بینراون(فتاح، ٢٠١١: ١٣٣))، یان (پرۆسەی هەڵمژینی وشە و دەستەواژەی زمانێکە لەلایەن زمانێکی ترەوە, یان بەکارهێنانی دەنگ و پێکهاتەی ڕێزمانی زمانێکی ترە (٣٠-٣١ ، Pei،1966)، کاتێك قسەکەری زمانێك هەست بە کەموکورتی و کەلێنێك لە سەروەتی وشەکانیدا دەکات، بۆ پڕکردنەوەی پێویستییە زمانییەکانی، شانبەشانی سازکردن و ڕۆنانی وشەی نوێ لە زمانەکەی خۆیدا، پەناش دەباتە بەر ئاسانترین و نزیکترین ڕێگە، کە خواستنە لە زمانەکانی ترەوە(ئۆڵمان، ١٩٨٧، ١٢٣)، بۆیە وشەخواستن بە ڕێگەیەکی تری پارستن و بەزیندوو هێشتنەوەی زمان دادەنرێت، هەروەها پێویستییەکی سروشتییە و پەیوەستە بە ژیانی ئاخێوەرانییەوە، هیچ بەربەستێك ناتوانێت بوەستێنێت و پێشی پێبگرێت و ((زیندوتر و چالاکتر و بەپێزتر و بە بەرهەمتر و حازربەدەستر و فریادڕەسی زمانە(سدیق، ٢٠٢٠، سێ)). لە هەموو پێکهاتەکانی زماندا بەڕێژەی جیاواز کەرەستە لە نێوانە زمانەکاندا ئاڵوگۆڕی پێدەکرێت، (کریسین) لە بارەیەوە دەڵێت:(( چەمکی خواستن پرۆسەی گواستنەوەی ئێلێمێنتی جۆراوجۆری زمانێکە بۆ یەکێکیتر، مەبەست لە ئێلێمێنتی جۆراوجۆر، (دانە جیاوازەکانی ئاستەکانی زمان و ستراکچەری، وەك: فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکس، لێکسیك، سیمانتیکە (سدیق، ٢٠٢٠، ٣٣-٣٤))، واتا لە خواستنی زمانیدا بە ڕێژەی جیاواز هەموو پێکهاتەکانی

زمان ئەگەر بۆیان هەڵبکەوێت هەلی خواستنیان لە نێوان زمانەکاندا هەیە، بەڵام (خواستنی وشە لە لووتکەی هەرەمی خواستنی زمانیدایە، پاشان خواستنی مۆرفۆلۆجی، فۆنۆلۆجی، سینتاکسی (Curnow، ٢٠٠١ ، ٤٢٥-٤٢٦)، واتا ((هەل زیاتر بۆ (وشە)یە و دوای ئەو بۆ (مۆرفێم) و ئەنجا بۆ (فۆنیم) دەڕەخسێت، کە بتوانن خۆیان بخزێننە ناو زمانانی ترەوە، وشە دەتوانێت ڕاستەوخۆ بڕوات، بەڵام (مۆرفێم) و (فۆنێم) لە ڕێگای چەند بارەبونەوەیان لە چوارچێوەی ئەو وشانەی، کە بەشێکن لە پێکهاتنیان، توانای پەڕینەویان هەیە، واتە ئەمان بە تەنها بۆیان نالوێت بچنە زمانی غەیرەوە (سدیق، ٢٠٢٠، ٦٣)).

بەواتا خواستنی زمانی(دیاردەیەکی باو و جیهانییە، لەهەموو زمانێکدا بەڕێژە و جۆری جیاواز کەرەستەی زمانیی خواستراو هەیە( ٥٥ ، Tadmor & Haspelmath،2009 )، هیچ زمانێکیش لێی بێبەری نییە، بۆ نموونە زمانی ئینگلیزی وەکو زمانی گەشەسەندو و دەوڵەمەند، کە زمانەکانی تر بە زۆری وشەی لێ وەردەگرن، ((بە بەردەوامی بە خواستنی وشە لە زمانەکانی ترەوە خۆی دەوڵەمەند دەکات، (کەمرێ و...، ٢٠٠٧، ١٠٠))، تەنانەت یاسای ڕێزمانیشی خواستووە، بۆ نموونە (بەهۆی داگیرکاری چەند سەدەی ئینگلتەرا لەلایەن فەرەنسییەکانەوە لە سەردەمی نۆرماندەکاندا، بووەهۆی خواستنی چەند لایەنێکی ڕێزمانی زمانی فەرەنسی لەلایەن زمانی ئینگلیزییەوە، بەتایبەتی وەرگرتنی ڕیزبەندی و بەدوایەکداهاتنی یەکە پێکهێنەرەکانی ڕێزمان، وەکو پێکهاتەی هەردوو فرێزی ( Attorney general) و ( Court martial) لە ئینگلیزیدا، زۆرجار وەکو بەڵگە لە باسی خواستنی پێکهاتەی ڕێزمانیدا دەخرێنەڕوو، کە پەیرەوەی یاسا ڕێزمانییەکانی زمانی فەرەنسی کراوە، ئەویش هاتنی (ئاوەڵناو)ە لە دوای (ناو)ەوە، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا بە پێچەوانەوەیە و ناو لە دوای ئاوەڵناوەوە دێت، کەواتە یاسای (ناو + ئاوەڵناو) یەکەیەکی خواستراوی زمانی فەرەنسییە لەلایەن زمانی ئینگلیزییەوە(مدرسی، ١٣٩١، ٩٩) یان وەکو خواستنی بۆتەی ڕێزمانی زمانی ئینگلیزی وەکو لە وشەکانی (سەردارگروپ، سلێمانی پالاس...هتد) بۆ ناو زمانی کوردی، کە بە پێچەوانەی یاسا و ڕێساکانی زمانی کوردییەوە ڕێسای (سەرەسەرەتا) پەیرەوکراو، واتا هەموو جۆرەکانی خواستنی زمانیی پێویستییە زمانییەکانی ئاخێوەران پڕناکەنەوە و زمانەکە دەوڵەمەند ناکەن، بەڵکو هەندێك جۆری خواستن وەکو خواستنی فۆنێم و پێکهاتەی ڕێزمانی دەبنە ژەهرێکی کوشندە بۆ زمانەکە لە ڕێگەی تێکدان و شێواندنی یاسا و ڕێسا زمانییەکان و شوێن گرتنەوەیان، بەمەش ئایندەی زمانەکە دەخەنە مەترسییەوە و بەرەولەناوچوون و مردن ئاڕاستەی دەکەن.

### ٢-وشە خواستن(Loan Word):

پرۆسەی گواستنەوە و کۆپیکردنی وشەیە لە زمانی بەخشەرەوە بۆ زمانی وەرگر(36، Tadmor &Haspelmath،2009)، ڕەنگدانەوەی لە هەموو زمانێکدا هەیە و پەیوەستە بە پێویستییەکانی ئاخێوەرانی زمانەوە بۆ پەیوەندیکردن بە دەرەوەی خۆیان و دانەبڕان لەو گۆڕانە بەردەوامەی بەسەر شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا دێت، چونکە (پێویستییەکانی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵ، لەگەڵ پێشکەوتن و گۆڕانی کۆمەڵدا، دەگۆڕێت و زیاد دەکات، پێویستی تازەی ژیانی کۆمەڵ دێتە کایەوە، کە پێویستیان بەزمانی دەربڕین هەیە، واتە زمانێك دەبێت لەگەڵ ئەو گۆڕان پێشکەوتنەدا بگونجێت (شوانی، ١٩٩٨، ١٩). زمان بۆ ئەو کەرەستە و بیرە نوێیانەی، کە بەرهەمی گۆڕانی کۆمەڵەکەی خۆیەتی، بەپێی یاسا زمانییەکانی بۆ ناونانیان وشەی نوێیان بۆ سازدەکەن، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا وشە و دەربڕاوەکانی (ڕاپەڕین، گەندەڵی، بن دیوار، پاشەکەوتی موچە، ڕبعە موچە، ئەنفالکراو، ئەنفالانە، نانبڕاو، قوتی خەڵك...هتد) لە ڕێگەی یاسا زمانییەکانی زمانەکە خۆیەوە سازکراون، بەڵام کاتێك کەرەستەیەك یان بیرێك دێتە کۆمەڵگاوە، زمان ناچارە بە زۆری بۆ ناونانی ڕاستەوخۆ وشەکەشی بۆ قەرزبکات. ((لە فریاکەوتن و بەتەنگەوەهاتن و پاریزگاری لەخۆو بەزیندو هێشتنەوەی زمان لە خەباتی مان و نەمانیدا، ئاڵوگۆر و قەرزکردنی وشە، گەورەترین چەکە بێ چاوەڕوانی و بێ پرس و ڕا بە کەس بکات، زمان پەنای بۆ دەبات و پەلی بۆ دەهاوێژێت(سدیق، ٢٠٢٠، شەش)).

لە ئەنجامی بەریەککەوتن و کاریگەری زمانەکان لەسەر یەکتری، وشە خواستن زۆرترین ڕەنگدانەوەی لە وشەکانی فەرهەنگی زماندا هەیە، چونکە وشەکانی فەرهەنگی زمان ناجێگرن و بە بەردەوامی لە ڕووی ژمارە و جۆر و واتاوە لە گۆڕاندان، ((لێکسیکیش ئەو هەرێمەی زمانە، کە پلەیەکی گەورە بۆ هەر چەشنە کارتێکردنێکی دەرەکی ئامادە و کراوەیە و لە ناویاندا، هەر گۆڕانێك بەسەر ژیانی خەڵکی کۆمەڵدا، بێت، تیایدا، ڕەنگ، دەدەنەوە(هەمان سەرچاوە، ٣٧)). وشەکان ناون بۆ کەرەستە کۆنکریت و بیرە ئەبسترکتەکان، کاتێك کەرەستەیەك یان بیرێك لە زماندا نەبووە، هیچ وشەیەکیش بۆ ناونانی نییە، بەڵام کە پەیدابوو ناوی لێدەنرێت بە نەمانی کەرەستەکەش ناوەکەی دەپوکێتەوە و بەرەو نەمان دەچێت یان گۆڕانی واتایی بەسەردا دێت و واتایەکی تری لێ باردەکرێت یان لە پەند و ئیدیۆم و دەربڕاوەکاندا خۆیان لە فەوتان دەپارێزن، لەناوچوون و ونبوونی وشەش لەشەو و ڕۆژێکدا ڕوونادات، بەڵکو پاش نەمانی دیاردەکە و بەکارنەهێنانی لەلایەن خەڵکەوە، بەرەو سستبوون دەچێت و بەکارهێنانیان کەمدەبێتەوە، تا لە دواجاردا وندەبن، واتە وشە بە چەند قۆناغێکی لەناوچووندا تێپەردەبێت، تا بەتەواوی ون دەبێت، سەرەتا بەکارهێنانی کەمدەبێتەوە، پاشان دەچێتە ڕیزی وشە پیربووەکان و بەکارهێنانی لەناو خەڵکدا نامێنێت، (حەسەن، ٢٠٠٨، ٢٠)، بۆنموونە لە کۆندا چەند کەرەستەیەك بۆ ڕووناکردنەوە بەکاردەهێنران، بەڵام دوای پەیدابوونی کارەبا و بەکارنەهێنانیان، ناوەکانیشان ئەو چالاکییەی جارانیان نەما و بەرەوە پوکانەوە و لەناوچوون هەنگاو دەنێن و چەند کەرەستەیەکی تر بۆ هەمان مەبەست جێگەیانیان گرتەوە، کە بەکارەبا کاردەکەن، وەکو:

**کەرەستەی ڕووناکەرەوەی کۆن** ← **(مەشخەڵ، فتیلە، چرا، مۆم، لۆکس...هتد)**

ناوی کۆن و پوکاوە

**کەرەستەی ڕووناکەرەوەی نوێ** ← **(گڵۆب، شەمع، لایت، بلاجکتۆر، لید...هتد)**

ناوی نوێ

هەروەها پوکانەوەی چەندین ناو و چەمکێکی تر، وەکو (گۆزە، هێزە، کاسە، باراش، شەوە، ئاشی ئاو، جاجم، چەخماخساز، گڵێم (جۆرێك ڕاخەری چنراوبوو)، دەوار، دیزە بە دەرخۆنەکردن...هتد)، کە لە ئێستادا بەهۆی بەکارنەهێنانیانەوە ناوەکانیشیان وردەوردە بەرەوە پوکانەوە دەچن، وازهێنانی کۆمەڵ لە هەندێك بۆنە و دیاریدەی کۆمەڵایەتیش، ناوەکانیان و ئەو وشانەی، کە پەیوەستن پێیانەوە بەرە پوکانەوە و لەناوچوون دەبات، بۆ نموونە: (ژنبەژن، گەورە بە بچووك، ژن بۆ کردن، پا خەسوو، شیربایی...هتد) لە کۆمەڵی کوردەواریدا.

لە ئێستادا بەهۆی هۆیەکانی جیهانگیرییەوە بە خێرایی کەرەستە و بیرو چەمکەکان بە وڵاتاندا بڵاودەبنەوە، هیچ زمانێك ناتوانێت لەم مەیدانەدا دوورە پەرێزبێت و خۆی لە کاریگەری زمانەکانی تر لەڕووی هاتنە ناوەوەی زاراوە و فراوانبوونی زمانەکانی تر لەسەر زەوی زمانەکە بپارێزێت، بۆ نموونە ((زمانی کوردیی هێندە وشەی زۆری لە زمانانێکی زۆرەوە وەرگرتووە، کە گرانە ئاخێوەرێك بتوانێت بەبێ بەکارهێنانی وشەی وەرگیراو هیچ چشتێك بڵێت(مەحوی، ٢٠١٠، ١٢٧-١٢٨)، چونکە بەهۆی گۆڕان و پێشکەوتنی بیرکردنەوەی کۆمەڵ و ڕەنگدانەوەی لە داهێنانەکان و پێشکەوتنی بوارەکانی پیشەسازی و هۆیەکانی باشتر ژیان، بوونەتەهۆی هاتنەناوەوەی هەزارەها کەرەستە و چەمکی نوێ بۆ ناو زمانی کوردیی، وەکو: (ئامێرە جۆراوجۆرەکان (لاپتۆپ، موبەریدە، هیتەر، ماتۆڕ، تەلەفزیۆن، مۆبایل،...هتد)، پێویستییەکانی ماڵ و بیناسازی (قەنەفە، مەخسەلە، کەوانتەر، ڤێلا، تاوەر، کلیلدۆر، سەقف مەغریبە،ئەستروپۆل، جبسن بۆرد...هتد)، کارەبایات (ڤۆڵتێ، سرکت، جۆزە، ئەمپێر، فویز، کۆندێکتەر، سویچ پلاك، مۆلیدە...هتد)، ناوی جۆر و پارچەکانی ئۆتۆمبیل(ئاڵتیما، نیسان، کۆرۆلا، ئەڤەلۆن، مۆنیکا، لاندگرۆزەر، فیت پەمپ، سەکن، شاسی، برێك، تەبریت، شاسی، سپێر، تەرح، ئۆتۆماتیك، سوکان...هتد)، هۆیەکانی گەرمکەرەوە و سارکەرەوە(سپلیت، هیتەر، موبەریدە، مایکرۆ، سەلاجە، موجەمیدە، بەڕاد، ڤێر، تەبرید...هتد)، جۆری خواردن و خوادرنەوە (پیتزا، بریانی، یاپراخ، تەشریب، کنتاکی، گەص، قاورمە، فالودە، دۆندرمە، بیبسی، ڤانتا، فینگەر، ئەندۆمی...هتد)، ناوی میوە و گوڵ و دارودرەخت و باڵندە و ئاژەڵ(جەرجیل، زەنجەفیل، مەعدەنووس، شلیك، سپێناخ، بندوق، بەزالیا، لالەنگی، ئەڤاکادۆ، ئەکاسیا،

ئەلیزایا، کرەمتینە، نەعامە، کۆکتێل، سەلەمون، کۆکاتۆ، زەرافە، رۆبیان، دۆڵفین، تەیرول حوب...هتد)، پۆشاك و کەرەستە جوانکارییە جۆراوجۆرەکان (عەزێ، حەریر،کشمیر، بەدلە، مانتۆ، صالۆن، تەجمیل، بۆتۆکس، لەیزەر، کەمالیات، مکیاج، کابۆ، تیشێرت، چاکەت، ...هتد)، هۆیەکانی پەیوەندیکردن و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان (تەلەفزیۆن، مۆبایل، فەیسبوك، یوتوب، ئیمێل، ڤایبەر، ستۆدیۆ، مونتاج، کەناڵ، باڵانس، سیم کارت، گیگابایت، پاسورد، فۆڵدەر، فۆتۆشۆپ، میمۆری...هتد)، بواری پزیشکی(کۆرۆنا، تالاسیما، پرۆستات، کۆڵۆن، ئایدز، زەخت، فەحس، عەیادە، عیلاج، کانولا ، فەتح صەدر، ئەشیعە...هتد)، بواری سەربازی(، تیرۆر، هەمەر، داعش، قاعیدە، تانك، درۆن، ئەتۆم، ڕادار، F16 ،M4...هتد)، ڕامیاری و سیاسی (پەرلەمان، کابینە، وەفد، باڵوێزخانە، کونسوڵخانە، بایکۆت، ئۆپۆزیسیۆن، پرۆتۆکۆڵ، فیدراڵی، ڕیفراندۆم...هتد)، وەرزش( بۆندس لیگا، لالیگا، هاتریك، جامپۆنسلیگ، مۆندیال، ڤار، لایمەن، فوتبۆڵ، حەکەم، گۆڵ...هتد)، خوێندن( سیمینار، کۆرس، کۆنفرانس، گروپ، کویز، ئۆنلاین، کلاس، فاکەڵتی، بۆلۆنیا...هتد)، ڕۆشنبیری و هونەری و گۆرانی و بەرهەمهێنانی فیلم(ئەکتەر، دیزاینەر، فیلم، سینەما، کلیپ، ئۆرگ، سەمفۆنیا، دۆبلاژعود، قەسیدە، هایکۆ، هۆلیوود، دراما، دۆبلێر، کامێرا،کۆمیدیا...هتد)، گەشتیاری و ئابوری (هۆتێل، ڕێستۆرانت، سۆپەرمارکێت، فیزا، کۆمپانیا، پاسەپۆرت...هتد)، کانزاکان و سامانی سروشتی( گاز، غاز، بەنزین، پرۆتین، زینك، ئەلەمنیۆم، پلاستیك، سلیکۆن...هتد)، شەڕ و کۆچ و ڕووداوی سروشتی(تیرۆر، کەمپ، بورکان، توسونامی...هتد)، پسپۆڕییە جیاوازەکان(سینتاکس، فۆنەتیك، مۆرفیم، کۆنسۆنانت، دیالێکت، فەلسەفە، جیۆلۆجی...هتد) و ...هتد، هیچ زمانێکیش ناتوانێت بە خێرایی زاراوە بۆ هەموو یان زۆربەی ئەو وشانە سازبکات، کە دێنە زمانەکەوە. خواستنی وشە ئەگەرچی لە لایەکەوە پێویستییە زمانییەکانی ئاخێوەران پڕدەکاتەوە و فەرهەنگی زمان دەوڵەمەند دەکەن، بەڵام لە لایەکی ترەوە بەبێ هۆ بە لێشاو خواستنی وشە لە زمانەکانی ترەوە بۆ ناو زمانی دایك، ئاسانکاریی و ڕێگەخۆشکەرە بۆ لاوازکردنی زمان.

## بەشی دووەم:

## (شێوازەکانی وشەخواستن لە زمانی کوردیدا)

### لە پرۆسەی وشەخواستندا زمانی کوردی چەندین شێوازی پەیڕەوکردووە، وەکو:

### ١-وشەی هاوردە/ خواستن بەبێ دەستکاری (Imported):

بریتییە لەو خواستنەی، کە زمانێك وشەی زمانێکی تر کوتومت بەبێ دەستکاری لە ڕووی دەنگ و واتاوە دەخوازێت(الخولی، ١٩٨٧، ٩٦)، کە بە هەمان دەنگ یان نزیك لە دەنگی زمانە بەخشەرەکە لە زمانی وەرگردا بەکاردێن و ناسینەوەیان ئاسانە(Haugen،١٩٥٠، ٢١٢)، ئەم وشانە هەرچەندە بە فلتەری فۆنۆتاکتیکی زمانی وەرگریشدا تێپەڕیون، بەڵام پارێزگارییان لە فۆرم و واتاکانیان کردووە، ئەم شێوازەی خواستیش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك، لەوانە:

١-ئاسانی دەربڕین، بەهۆی ئەوەی بەڕێکەوت هەموو دەنگەکانی وشە خواستراوەکە لە زمانی وەرگردا هەیە و گونجاوە لەگەڵ دەنگەکانییدا و قسەپێکەرانی ڕاهاتوون بە دەربڕینی، لەڕووی واتاشەوە بۆ هەمان واتا خواستراوە، وەکو: (سینەما، کۆمپیوتەر، ڕۆڵ، فایل، ئیمێل، تەسلیم، فەقیر، یاقووت...هتد).

٢-شارەزای لە زمانی بەخشەردا هۆکارە بۆئەوەی وشە خوازراوەکانی زمانەکە وەکو خۆی دەربڕن، بۆ نموونە مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی و عەرەبی...هتد، هەوڵدەدەن وشەکانی ئەو زمانانە وەکو خۆی لە ڕووی دەنگەوە دەربڕن، ئەمەش بۆ دەرخستنی توانای خۆیان لە زمانەکەدا، چونکە هەڵە دەربڕین زۆرجار بێ توانایی لە زمانەکەی دەدرێتە پاڵ.

٣-زۆربەی ئەو وشانەی دەچنە چوارچێوەی ئاینەوە، لەبەر پیرۆزی بە گرنگ زانینیان، هەوڵدراوە وەکو خۆی بەبێ دەستکاری وەربگیرێن، وەکو: (حەج، زەکات، حەشر، قەبر، ڕەمەزان، جەهەنم، کەوسەر، لەیلەتوقەدر، ...هتد).

٤-ئەو زاراوانەی دەچنە چوارچێوەی بوارە پسپۆڕییەکانەوە، هەوڵدەدرێت وەکو خۆیان بەبێ دەستکاری لەڕووی فۆرم واتاوە بخوازرێن،

چونکە ئەو زاراوانە بەزۆری بە جیهانی بوون و لەبەرناسینەوەیان هەوڵدەدرێت وەکو خۆیان دەربرێن، بۆنموونە وەکو خواستنی ئەو زاراوانەی دەچنە چوارچێوەی زمانەوانییەوە: (سینتاکس، سیمانتیك، فۆنەتیك، کۆنسۆنانت، مۆرفیم فۆنێم، ڤێرب، مۆرفۆسینتاکس، دیالێکت، فرێز...هتد) یان خواستنی ئەو زاراوانەی دەچنە بواری پزیشکییەوە وەکو جۆری نەخۆشییەکان و ناوی دەرمانەکان، وەکو: (کۆرۆنا، تالاسیما، ڕۆمانتیزم، مەلاریا، ئەکزیما، ڤایرۆس، فلاجین، کۆرستۆڵ، پلازما، ئەسپرین، فلاجین، هیمۆفیلیا، میکرۆب، هۆرمۆن، ئیکۆ، فەتح صەدر، فەقەرات، ئەنتی بایۆتیك، ئەدوڵ، ئەمۆکسلین...هتد)، هەروەها کانزا و گازە بەنرخەکان، وەکو: (کالیسۆم، پۆتاسیۆم، سۆدیۆم، ئەلەمنیۆم، زینك، یاقووت، مەڕمەڕ، کبریت، فۆسفات، فیتامین، پرۆتین، کلۆکۆز، پلاستیك، پترۆڵ، نایترۆجین، کاربۆهیدرات، ئۆکسجین، هیلۆم، ئۆزۆن...هتد).

٥-ناوی شوێن و کەس و کارگە و ڕێکخراوە جیهانییەکان لەبەر ناسینەوەیان، هەوڵدەدرێت وەکو خۆیان دەربرێن: (لەندەن، پاریس، ڕۆما، دەوحە، نیودەلهی، نیۆرك، عەلی، عومەر، کەریم، قەزافی، شکسپیر، چۆمسکی، ڤۆڵت، ئەدیسۆن جاك، ئۆباما، ماکرۆن، جۆرج، کریستیانۆ، میسی، سامسۆنگ، ئەپڵ، یونسێف، یونسکۆ، ناتۆ، ئۆپیك...هتد)

## ٢-وشەی کوردێنراو/ وەرگرتن بە دەستکارییەوە (Substituted):

هەموو زمانێك بۆ پڕکردنەوەی پێویستییە زمانییەکانی سەرەڕایی پشت بەخۆ بەستن، وشەش لە زمانەکانی ترەوە دەخوازێت، پرۆسەی وشەخواستنیش هەڕەمەکی نییە، بەڵکو پرس بە یاساوڕێسا زمانییەکان دەکرێت و دەبێت بە پاڵاوگەی ئەواندا تێپەڕبن، ئەمجا پەسەند دەکرێن و بەکاردەهێنرێن، ((هیچ زمانێك لە خۆوە و بەبێ بەرنامە و پلان وشە وەرناگرێت، بەڵکو بەپێی هەندێك مەرج پەسەندیاندەکات و دەیان هێنێتەناو زمانەکەوە، (مەحوی،٢٠١٠، ١٢٨). واتا (وشە لە زمانێکەوە بۆ ناو یەکێکیتر بێ مەرج دێت، بەڵام لە تازەکەدا، بە مەرجەوە وەردەگیرێت، ئەو وشەیەی، کە دەچێتە ناو زمانێکی نوێوە، دەکەوێتە ژێر ڕکێفی یاسا و دەستوری فۆنەتیك و مۆرفۆلۆژی سینتاکسی زمانە قەرزکەرەکەوە و بەرەبەرە تیکەڵ بە دانە زمانییەکان دەبێت(سدیق، ٢٠٢٠، شەش). ئەو وشە خواستراوانەی، کە بەپێی یاسا فۆنۆلۆژییەکانی زمانی وەرگر گۆڕانی بەسەردا هاتووە و خۆیان لەگەڵیدا گونجاندووە، ناسینەوەی لەلایەن زمانی بەخشەرەوە ئاسان نییە(212، Haugen،1950 )، یەکەمین قۆناغی ڕووبەڕووبوونەوەی وشەی خواستراویش بە زمانی وەرگر، گونجاندن و گۆڕینی دەنگەکانی بەپێی یاساوڕێسا دەنگییەکانی زمانی وەرگر، بۆئەوەی وشە خواستراوەکە لەڕووی گۆڕانی دەنگییەوە وەهای لێبکرێت، کە ئەندامەکانی ئاخاوتنی قسەپێکەرانی زمانی وەرگر بتوانن بە ئاسانی دەریانبڕن. چونکە دەبێت لە سەرەتادا وشە ئامادەبکرێت بۆ دەربرین، تاوەکو شتێك دەرنەبڕێت واتا ناگەیەنێت، لێکتێگەیشتن دروست نابێت، کە ئەمەش ئەرکی سەرەکی زمانە، بۆیە (کاتێك وشەیەك لە زمانێکی ترەوە وەردەگرێت، وشەکە بە گوێرەی پێڕوی دەنگەکانی(فۆنۆتاکتیکی) زمانەکەی وەریدەگرێت و دەریدەبڕێت(مەحوی،٢٠١٠، ١٢٨). گۆڕینی فۆرمی وشەکان و سازاندنیان لەگەڵ یاسا فۆنۆلۆژییە کوردییەکاندا، یەکێکە لە پرۆسەی کورداندنی وشە بیگانەکان، ستراتیژێکە، کە زمان خۆی ئەو ڕێگە دەگرێتەبەر و پێویستی بە بڕیاری زانستی و کۆڕ و کۆبونەوە نییە(نەریمان، ٢٠١٣، ٥٩)، لەم پرۆسەیەدا زمانی کوردی بەپێی تایبەتمەدییەکانی گۆڕان بەسەر فۆرمی وشەکە دەهێنێت و لە هەر دەنگێك یان مۆرفێمێکی نامۆی زمانە بەخشەرەکە دادەماڵدرێن و ڕێگەی نادرێت لە دوو توێی وشە خواستراوەکەوە دزە بکەنەناو زمانە وەرگرەکەوە، هەموو زمانێك سەرەڕای هاوبەشی لە چەندان دەنگ و فۆنێم و یاسای فۆنۆلۆژی لەگەڵ زمانەکانی تر، چەندین تایبەتمەندی هەیە، کە هەوڵی پارێزگاری لێکردیان دەدات و نایەڵێت تایبەتمەندییە فۆنۆلۆژییەکانی زمانی تر خۆیان بخزێننە ناو زمانەکەوە و جێگەی کەرەستەی زمانی یاساوڕێسا خۆماڵییەکان بگرنەوە یان بیان شێوێنن و لە بەکارهێنان دووریان بخەنەوە، چونکە (خواستنی وشە بەبێ گۆڕانکاری و خۆگونجاندنی لەگەڵ سیستەمی دەنگی زمانە ڕەسەنەکە کارێکی زۆر دەکاتە سەر زمان و بێ هێزی دەکات، بۆیە پێویستە هەر زمانێك بۆ بەرگریکردن لە خۆی لەکاتی هاتنی وشە لەلایەن زمانان بە پێی یاسا فۆنۆلۆژی و ڕێزمانی زمانەکەی خۆی ڕێکیانبخات، (سلێمان، ٢٠١٤، ٥٧)، واتا ئەم ڕێگەیەی، کە زمانەکان دەیگرنەبەر بۆ گۆڕان و گونجانی

وشەخواستراوەکان، بە ڕێگەی پاراستنی زمان لە ژەهراویبوون و لەناوچوونی زمان دادەنرێت، چونکە وشە و فرێزە خواستراوەکان دەرچەی هاتنەناوەوەی فۆنێم و یاساو ڕێسای ڕێزمانیین، کە تایبەتمەندی جیاکردنەوەی زمانەکانن لە یەکتری. جۆر و ڕێژەی ئەو گۆڕانانەی بەسەر وشەی خواستراودا دەهێنرێت لە زمانێکەوە بۆ زمانی تر دەگۆڕێت، ئەمەش پەیوەستە بە خزمایەتی نێوان زمانەکان و زۆری فۆنێمی هاوبەش لە نێوان هەردوو زمانەکەدا، چونکە تاوەکو فۆنێمی هاوبەشیان زیاتربێت، گۆڕانە دەنگییەکان کەمتر دەبنەوە، بە پێچەوانەشەوە، بۆنموونە ئەو گۆڕانە دەنگییانەی بەسەر وشە خواستراوەکانی زمانی عەرەبیدا لەلایەن زمانی کوردییەوە هێنراوە زۆرترە هەمبەر بە زمانی ئینگلیزی، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لە دوو خێزانە زمانی جیاوازن، وەکو بوونی فۆنێمەکانی (ث/ط/ذ/ص/ض/ظ) لە زمانی عەرەبیدا و نەبوونییان لە زمانی کوردیدا، بە پێچەوانەشەوە بوونی فۆنێمەکانی (پ/گ/ژ/ڵ/ڕ/ۆ/ێ/) لە زمانی کوردیدا، بەڵام زمانی کوردی و زمانی ئینگلیزی سەر بە هەمان خێزانە زمان و زۆربەی فۆنێمەکانیان هاوبەشن، زمانی کوردی زۆربەی وشەخواستراوەکانی بەدەستکارییەوە لەڕووی فۆرمەوە وەرگرتووە، گۆڕانەدەنگییەکانیش ئەمانەن:

-دەنگ گۆڕین:

بریتییە لە گۆڕینی دەنگێکی زمانی بەخشەر بۆ دەنگێکی بەرامبەری یان نزیك لێی لە زمانی وەرگردا، بۆ نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| قرض ← قەرز | قاضی ← قازی | خدمە ← خزمەت |
| ذلیل ← زەلیل | ذکر ← زکر | کتاب ← کتێب |
| ظالم ← زاڵم | ظاهر ← زاهیر | عەقل ← عەقڵ |
| طماطة ← تەماتە | طماح ← تەماح | دعوە ← داوا |
| ثروة ← سەروەت | أثار ← ئاسار | الأن ← ئەلعان |
| عصر ← عەسر | مقص ← مەقەس | |
| تیۆری ← theory | میتۆد ← method | |
| کیمیا ← Chemistry | شانس ← chance | |
| ئەرشیف ← Archive | پاس ← bus | |

-دەنگ لابردن:

لابردنی دەنگێك یان زیاتری وشە خواستراوەکەیە لەزمانی کوردیدا:

| | | |
|---|---|---|
| أنبار ← عەمار | مەعنا ← مانا | معاملە ← مامەڵە |
| تەکنیکی ← Technical | لیمۆ ← Lemon | |

-دەنگ زیادکردن:

زیادکردنی دەنگێك یان زیاتری زمانی کوردی بۆ وشە خواستراوەکە، وەکو:

| | |
|---|---|
| دولە ← دەوڵەت | هلاك ← هیلاك |
| فقر ← فەقیر | مسجد ← مزگەوت |
| پیتزا ← Pizza | (زیادکردنی فۆنێمی /ت/ بۆ وشەخواستراوەکە) |
| زەڵاتە ← Salad | (زیادکردنی فۆنێمی /ە/ بۆ وشەخواستراوەکە) |

٣-وەرگێڕان(loan-translation):

بریتییە لە گواستنەوەی هزر و بۆچوون و شێواز و زانیاری بۆ گەیاندنی واتا و دۆزینەوەی نزیکترین هاوواتا بە مەبەستی دەربڕینی ئەزموونێك لە بارەی جیهان و دەوروبەر لە نێوان زمانی سەرچاوە و زمانی ئامانجدا(عەللاف ، ٢٠٠٩، ٢٠)، یان وەرگێڕانی بێژەی وشەی

خواستراوە بۆ بێژەی خۆماڵی بە هەمان واتا یان نزیك لە واتاکەی، واتا (وەرگێڕانی وشەبەوشە بۆ وشە بنیەکە دەکرێت و فۆرمێکی خۆماڵی پێدەبەخشرێت و وەکو وشەیەکی نوێ لە زمانە وەرگرەکەدا بەکاردەهێنرێت (باطنی، ١٣٩٠، ٩٧)، لەم شێوازەی خواستندا لایەنی وەرگر لە جەوهەردا، هیچ خۆی بە بنیاتی سیمانتیکی ئەو پێکهاتانەوە، کە ئاڵوگۆڕیان پێ دەکرێت، ماندو نەکردوە، واتە بە ئامادەکراویی خراونەتە بەردەستی، ئەرکی سەرەکی وەرگرەکە تەنیا ئەوەندە بووە، کە لە ڕوی ستراکچەرەوە بەرگێکی گونجاو و لەباریی زمانەکەی خۆی بکات بە بەریاندا(سدیق، ٢٠٢٠، ٧٧). وەرگێڕان (ڕێگەیەکی ترە بۆ داهێنانی ئایتمی نوێی گەنجی وشەکان لە ڕێی وەرگێڕانی مۆرفێمەکانی وشە بنیەکانەوە بۆ مۆرفێمە خۆماڵییەکان(مەحوی، ٢٠١٠، ١٥١-١٥٢)). زمانی کوردی لەم ڕێگەیەوە بیرێکی زۆری خواستووە و بە وشەی خۆماڵی دەری بڕیوە، زمانەکەی دەوڵەمەندکردووە و مۆرکێکی کوردییانەی بە بەردا کردووە، وەکو وەرگێڕانی ئەم وشە و فرێزانەی خوارەوە:

-وشەی (دووربین) لە زمانی کوردیدا لە دروستەی (Fornrohr) ی ئەڵمانییەوە وەرگیراوە، کە لە ڕێگەی وەرگێڕانی مۆرفێمە بنیەکەوە بۆ سەر زمانی کوردی، وشەی (دوور) لە (Forn)ە وە و (بین)یش لە(Rohr)ە وە(مەحوی،٢٠١٠، ١٥٢-١٥٣).

- (بڵندگۆ) (Loud-Speaker)
- نەتەوە یەکگرتووەکان (The United Nations Organization)
- (کچە هاوڕێ) (Girlfriend)
-(سەرخان) (البناء الفوقي)
-(دەستپاکی) (نظافة اليد)
-(چوارگۆشەی زێڕین) (مربع زهبی)
-(جەنگی سارد ) (الحرب الباردة)

لەلایەکی ترەوە وەرگێڕان ڕۆڵی نەرێنی لە زماندا دەبینێت، چونکە بە ڕێگەیەکی سەرەکی پەلکێشکردن و هێنانەناوەوەی یاساوڕێسای زمانەکانی تر دادەنرێت، بە تایبەتی لە وەرگێڕانی وشەبەوشەدا، چونکە هەر زمانێك چەند تایبەتمەندێتیەکی ڕێزمانی هەیە، کە جیاوازە لە زمانەکانی تر، واتا وەرگێڕان دەبێتەهۆی پەلکێشکردنی یاسا و ڕێسای زمانەکانی تر بۆ ناو زمانەکە، کە یەکێکە لە هۆکارەکانی ژەهراویبوونی زمان، وەکو پێڕەویکردنی یاسا و ڕێسایی زمانەکانی تر لە وەرگێڕانی ئەم دەبڕاوانەی خوارەوە:

-(فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی) لە وەرگێڕانی وشەبەوشەی (مطار اربیل دولی) لە جیاتی (فڕۆکەخانەی نیودەوڵەتی هەولێر)، کە پێڕەوەی یاسای ڕێزبوونی پێکهاتەی فرێز لە زمانی عەرەبیدا کراوە.

-لە ڕستەی (هەستان بە ئەنجامدانی چالاکییەك.)دا پێڕەوەی یاسای ڕێزمانی زمانی عەرەبی کراوە.

-لە وەرگێڕانی وشەبەوشەی (گوڵان سەنتەر)دا پێڕەوی یاسای ڕیزبوونی کەرەستەکان لە پێکهاتەی فرێزی زمانی ئینگلیزی کراوە، کە (سەرەسەرەتا)یە، بە پێچەوانەوە دەبێت تەنها فۆرمی وشەکان وەربگیرێت بە پێی پێڕەوی زمانی کوردی، کە (سەرەکۆتا)یە وشەکە بکرێت بە (سەنتەری گوڵان).

٤-گۆڕینی وشەی خواستراو(Loan Shift):

ئەم شێوازە دوو جۆرە:

١/٤)گۆڕینی واتای وشەی خواستراو:

بریتییە لە خواستی بێژەی وشەی خواستراو بەبێ واتاکە، پێدانی واتایەکی جیاواز لەو واتایەی، کە لە زمانی بەخشەردا هەیبووە، ئەم


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

پرۆسەیە پێچەوانەی خواستنە لەڕێگەی وەرگێرانەوە، بۆ نموونە (وشەی (قۆناغ) لە تورکی کۆندا، بەواتای (جێی حەوانەوە)دێت، بەڵام لە کوردیدا بووە بە پێوەرێك بۆڕێگا (سدیق، ٢٠٢٠، ١١٧))، هەروەها وشەی (قوت) لە تورکی کۆندا بە واتای (گیان، ڕۆح) دێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا بە واتای (قوتی گەل، ئەرزاق)دێت، وشەی خوستراوی (قاچ) لە زمانی تورکیدا بە واتای (ڕاکردن) دێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا بۆ واتای (بەشێك لە ئەندامی لەشی مرۆڤ) بەکاردەهێنرێت، وشەی خواستراوی (هێواش) لە زمانی تورکییدا بە واتای (نەرم) دێت (سدیق، ٢٠١١، ٥٨)، هەروەها وشەی (بەخیل) لە زمانی عەرەبیدا بە واتای (ڕەزیل)دێت، بەڵام لە زمانی کوردی بۆ واتای (حەسودی) یان (پەککەوتە) دێ، هەروەها وشەی (هیلاك) لە زمانی عەرەبیدا(هلاك) بە واتای (نەمان و لەناوچوون) دێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا بۆ واتای (ماندوو) بەکارهاتووە (عەبدولغەنی، ٢٠١٩، ٤٥)، وشەی (پرۆگرام)یش وشەیەکی کۆنی یۆنانییە، واتای (ئیعلان/ بۆ ئاگادری) دەگەیەنێت، لە بەرانبەر وشەی (بەرنامە)ی زمانی کوردی بەکاردەهێنرێت (مارف، ٢٠٠٠، ٢٩)، وشەی خواستراوی (Drama) لە زمانی ئینگلیزیدا بە واتای (شانۆگەری) دێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا تەنها فۆرمەکەی وەرگیراوە و واتاکەی گۆڕاوە، کە مەبەست لە فیلمی زنجیرەییە.

## ٢/٤)گۆڕینی (بێژە/قاڵبی فۆنەتیکی)ی وشەی خواستراو:

لەم جۆرە خواستندا بێژەی وشەکە ڕاستەوخۆ لە زمانێکی ترەوە وەرناگیرێت یان وەرگێڕانی وشە بە وشەی بۆ ناکرێت، بەڵکو تەنها واتاکەی وەردەگیرێت و لە بری سودوەرگرتن لە وشە بیانییەکە سود لە وشەیەکی کۆنی زمانەکە وەردەگیرێت، کە وشەیەکی کۆن و پوکاوەیە یان چالاك نییە یان واتاکەی لە وشەیەکی تری زیندووی زمانەکە باردەکرێت و واتاکەی فراواندەکرێت یان فرەواتای بە وشەکە دەبەخشرێت، بۆ نموونە لە زمانی فارسیدا لە کۆندا وشەی (یخچال) بەو شوێنە دەوترا، کە لە زستاندا ئاوی تێداکراوە بۆ ئەوەی بیبەستێت، تاوەکو لە هاوێندا سودی لێ ببینرێت، بەڵام دواتر بۆ دەزگای بەفرگر/سەلاجە (Refrigerator) بەکارهێنرا. (باطنی، ١٣٧٣، ٨٣)، هەڵبژاردنی ئەو وشەیە بۆ واتاکە، هەڕەمەکی نییە و پەیوەندی بە شێوازی کارو واتای وشەکەوە هەیە. جیاوازی ئەم جۆرەی خواستن لەگەڵ وەرگێڕاندا لەوەدایە، کە هەرچەندە لە هەردووکیاندا واتا دەخوازرێت، لە وەرگێڕاندا بێژەی وشەی خواستراو وەردەگێڕێتەسەر بێژەی بەرامبەری لە زمانەکەدا، بەڵام لەم جۆرەدا واتاکەی لە وشەیەکی زمانە باردەکرێت یان وشەیەکی کۆنی زمانەکەی بۆ زیندوو دەکرێتەوە، لە زمانی کوردیدا بەم شێوازە چەندین واتا خواستراوە، بۆ نموونە:

-وشەی (پسپۆر) لە کۆندا بۆ ناوی کەسێك بەکارهێنراوە، کە شارەزایی لە بەخێوکردنی مەڕو ماڵاتدا (ئاژەڵداری) هەبووە، بەڵام لە ئێستادا بۆ ناونانی کەسێکی شارەزا لە بوارێکی زانستی یان پێشەیی لە بەرامبەر وشەی (Expert)ی ئینگلیزی و (خبیر)ی عەرەبی بەکاردەهێنرێت.

- لە پێشوودا (کورسی) تەنها بۆ ناوی کورسی دانیشتن بەکاردەهێنرا، بەڵام لەئێستادا لە بواری ڕامیاری و خوێندنیشدا بەکاردەهێنرێت وەکو کورسی (سەرۆکایەتی، پەرلەمان، خوێندن...هتد).


-وشەی (پۆست) لەسەرەتادا تەنها بەو پۆستانە دەوترا، کە فەرمانگەکانی پۆستە و گەیاندن هێنان و بردنیان بۆ دەکات، بەڵام لە ئێستادا بۆ پۆستی حکومی و پۆست لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانیش بەکاردەهێنرێت.

### ٥-گوزارشتلێکردن (Loan Interpretation):

بریتییە لە سازکردنی وشەیەکی نوێ بۆ ناونانی واتایەکی خواستراو لە ڕێگەی گوزارشتلێکردنەوە، لەسەر بنەمای شێوەی کارکردن و ئەو ڕۆڵەی وشەکە دەیگێڕێت، بەشێوەیەك، کە گوزارشتی لێبکات (شقاقی، ١٣٩٢، ١٢٧-١٢٨)، چونکە ((ئەو نیشانە تایبەتیانەی کە دەبن بە بەردی بناغە لە پرۆسەی ناوناندا، لە میلەتێکەوە بۆ میلەتێکی تر دەگۆڕێن(سدیق، ٢٠١١، ٣٣)) بۆ نموونە:

- سازکردنی وشەی (نووکە) لە (نووکەپێ) بۆ گوزارشتکردن لە واتای (Ring) لە تەلەفوندا یان لە (سێدارەدان) هەمبەر بە (اعدام)ی زمانی عەرەبی.

-سازکردنی وشەکانی (هەرزان بازاڕ) و (هەفتەبازاڕ) لەسەر بنەمای کارکردن لەبەرامبەر وشە خواستراوەکانی وەکو: (مینی مارکێت، مارکێت، سۆپەرمارکێت، هایپەرمارکێت، مۆڵ)، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بیروبۆچوونی کۆمەڵی کوردی بەرامبەر بەو وشە خواستراوانە، چونکە نیشانەی سەرنجڕاکیش بە لای کۆمەڵی کوردییەوە هەرزانی نرخە، کە لە وشە کوردییەکان گوزارشتی لێکراوە، جیاواز لە نیشانەی سەرنج ڕاکێشی کوالێتیی لە وشە خواستراوەکان.




-هەردوو وشەی (بەرزەپرد، نزمەپرد)، کە گوزارشت لە وشەکانی ئۆڤەرپاس (overpass) و ئەندەرپاس (underpass)ی ئینگلیزی دەکات، بە جۆرێك ئەوەی لە پرۆسەی ناوناندا لە زمانی کوردیدا سەرنج ڕاکیشە (بەرزی و نزم)ی پەردە، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا نیشانەی سەرنجڕاکیش شێوازی تێپەڕبوونە بە (سەر و ژێر)ی پردا.

### ٦-وەرگێڕان و گوزارشتلێکردن (Loan Translation and Interpretation):

لەم جۆرەی خواستندا واتای بەشێك لە وشەیەکی خواستراو وەرگێڕانی وشەبەوشەیی بۆ دەکرێت و بەشەکەی تریشی بەپێی کارایی و تایبەتمەندیی وشەکە گوزارشتی لێدەکرێت (شقاقی، ١٣٩٢، ١٣٠)، وشەکە لەڕووی فۆرمەوە گۆڕانی بەسەردا دەهێنرێت و فۆرمێکی نوێی پێدەبەخشرێت، لەڕووی واتاشەوە بەشێکی واتاکەی لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە وەکو خۆی دەخوازرێت و بەشێکەی تری گوزارشتی لێدەکرێت، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا:

-بەرامبەر بە واتای وشەی (Spaceman) وشەی (ئاسمانەوان)ی بۆ سازکراوە، کە بەشێك لە واتای وشەکە لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە خواستراوە، وشەی(Space)ی ئینگلیزی وەرگێڕاوە بۆ وشەی(ئاسمان)ی بەرامبەری لە زمانی کوردیدا، هەروەها بەشێکی تری واتاکەی بەپێی ئەرکەکەی گوزارشتی لێکراوە، ئەویش بە لە جێدانانی پاشگری (وان)، کە بۆ شارەزایی کەسێك لە شتێکدا بەکاردەهێنرێت بەرامبەر وشەی (Man)ی زمانی ئینگلیزی.

-بەکارهێنانی فرێزی (سەری ساڵی نوێ) لە بەرامبەر (New Year Day)دا، (ساڵی نوێ) وەرگێڕانی وشەبەوشەی (New Year)ی ئینگلیزییە، بەڵام لە جیاتی وشەی (Day) بە وشەی (سەر) گوزارشتی لێکراوە.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## ٧-لێکدان/دووڕەگ (Compounding):

بریتییە لەو وشە نوێیەی، کە لە دوو وشەی واتاداری سەربەخۆ سازکراوە، کەرتێکی وشە نوێیەکە وشەی خواستراوە و کەرتەکەی تریشی وشەیەکی ڕەسەنی زمانەکە خۆیەتی (الخولی، ١٩٨٧، ٩٦)، وشە خواستراوەکەش بە زۆری ئەوانەن، کە وەکو وشەیەکی خواستراوی سەربەخۆ لە زمانە وەرگرەکەدا چالاکن. زمانی کوردی بەهۆی بوونی وشەیەکی زۆری خواستراوی چالاك، بەم ڕێگەیە وشەیەکی زۆری سازکردووە، بەمشێوەیە:

-وشەی خواستراو + وشەی خۆماڵی

سێرچ+کردن= سێرچکردن

کۆپی+کردن= کۆپیکردن

جملە+فرۆش=جملەفرۆش

عومر+کورت=عومرکورت

ریفۆرم+خواز=ریفۆرمخواز

قورئان +خوێن= قورئان خوێن

زەکات+دان= زەکاتدان

کفن+درووو=کفندروو

سەبر+گرتن=سەبرگرتن

پلان+دانان= پلاندانان

دریم+بازاڕ=دریم بازاڕ

-وشەی خۆماڵی + وشەی خواستراو

کورد+ میدیا= کوردمیدیا

کورد + فیلم= کوردفیلم

زانا+مۆڵ = زانامۆڵ

جوت+ ساید= جوت ساید

-وشەی خۆماڵی +ناوبەند (ە،و) + مۆرفێمی خواستراو

دژ+ە+ تیرۆر= دژەتیرۆر

دژ+ە+ تانك= دژەتانك

شەرم+ و+ حەیا= شەرم و حەیا

## ٨-تێکەڵکردن/ئاوێتەکردن (Loan Blending):

بریتییە لە پرۆسەی خستنەتەکیەك و بەستنەوەی دوو فۆرمی سەربەخۆ بۆ بەرهەمهێنانی تاکە یەك وشەی نوێ، کە تێیدا پرۆسەکە بە وەرگرتنی تەنها سەرەتای وشەی یەکێکیانەوە و لکاندنی بە کۆتایی وشەکەی ترەوە دەکرێت(مەحوی، ٢٠١٠، ١٥٨))، یان لە تێکەڵکردنی فۆرمێکی سەربەخۆ و بەشێکی فۆرمێکی تر پێکدێت، بۆنموونە وشەی (ڕۆڤار) (ناوی بڵاوکراوەیەکی وەرزیانەیە.) لە زمانی کوردیدا بەم شێوازە سازکراوە، لە (ڕۆ)ی سەرەتای وشەی (ڕۆژنامە) و (ڤار)ی کۆتایی وشەی (گۆڤار)ەوە، هەروەها زمانی کوردی چەند وشەیەکی لەم جۆرەی خواستووە یان بەیارمەتی وشە خواستراوەکان سازیکردووە، بەم شێوەیە:

١-هەندێك لە وشەكان لە زمانی كوردیدا سازكراون بە تێكەڵكردنی وشەیەكی خۆماڵی لەگەڵ كەرتێكی وشەیەكی خواستراو، وەكو:

-كوردستان + ساتەلایت = كوردسات

-زانكۆ + ئینتەرنێت = زانكۆنێت

-زانكۆ + ئۆنلاین = زانكۆلاین

-تیشك + ئینتەرنێت = تیشك نێت

٢-هەندێكی تریان بە ئامادەكراوی لە زمانەكانی ترەوە خواستراوە، هەردوو كەرتە پێكهێنەرەكەی وشەی بیانین، وەكو:

-مۆرفێم + فۆنێم = مۆرفۆفۆنێم

-مۆرفۆلۆژی+ سینتاكس = مۆرفۆسینتاكس

-فۆنەتیك + تاكتیك = فۆنۆتاكتیك

-تیلیفۆن + كۆمپانیا = تیلیكۆم

-ڕادیۆ + تەلەفزیۆن = ڕادیۆن

-موبایل + تیلیفۆن = موبیتێل

-كافتریا + ئینتەرنێت = كافێ نێت

### ٩-خواستنەوەی وشەی خوازراو(Re-Borrowing):

بریتییە لە گەڕاندنەوەی وشەیەكی خواستراوی خۆماڵی لەلایەن زمانی بەخشەرەوە، بەكارهێنانەوەی لە زمانە بنەڕەتییەكەی خۆی بە هەمان واتا و فۆرمی زمانە بەخشەرەكە، واتا وشەی زمانێك لە سەردەمێكدا لەلایەن زمانێكی ترەوە خواستراوە، بە سیستەمی فۆنۆتاكتیكی زمانەكەدا تێپەڕیوە و گۆڕانی دەنگی و واتایی بەسەردا هێنراوە، دواتر زمانە ڕەسەنەكەی خۆی وەكو زمانی وەرگر وشەكە دەخوازێتەوە و وەكو وشەیەكی بیانی هەڵسوكەوتی لەگەڵدا دەكات. بۆ نموونە وەكو ((گەڕاندنەوە وشەی (تفیدة)ی زمانی عەرەبی لە زمانی توركییەوە، كە گوندنیشینە میسرییەكان بەكاریدەهێنن, لە بنەڕەتدا وشەی (توحیدة)ی عەرەبییە, كە لەلایەن توركەكانەوە بۆ ناونانی ژنەكانیان خواستراوە, چونكە توركەكان پیتی (و) بە (ف) دەردەبڕن و دەنگی (ح)یان نییە, وشەكە گۆڕدرا بۆ (تفیدة) و دووبارە گەڕایەوە بۆ زمانی عەرەبی. (عبدالتواب ،١٩٩٧، ١٤٨))، هەروەها ((وشەی (Budget)، كە زمانی فەرەنسی لە زمانی ئینگلیزییەوە وەریگرتووەتەوە، لە بنەڕەتدا لە وشەی (Bogete)ی فەرەنسیەوە وەرگیراوە، كە بە واتای (كیسەیەكی بچووك) هاتووە، كاتێك لەسەردەمی داگیركاری فەرنسییەكان چووەتە ناو زمانی ئینگلیزییەوە، لە زمانە نوێیەكە گۆڕانی دەنگی و واتایی بەسەردا هێنراوە، پاشان دوای ماوەیەكی زۆر زمانی فەرەنسی وەكو زۆربەی زمانەكانی تر لە زمانی ئینگلیزییەوە بە فۆرم و واتای نوێوە گێڕاویتییەوە.(فندریس، ١٩٥٠، ٢٤٨-٢٤٩))، زمانی عەرەبیش وشەی (جوز)ی لە وشەی (گوێز)ی زمانی كوردییەوە بۆ هەمان واتا خواستووە، بە هۆی نەبونی فۆنێمی /گ/ بە فۆنێمی /ج/ گۆڕیوەتەوە گۆڕانی فۆنۆتاكتیكی تێداكردووە، دواتر زمانی كوردی هەمان وشەی لە وشەی جۆزن (گوێزی هندی) لە وشەی (جوز الهند)ی عەرەبییەوە بە فۆرم و واتای نوێوە خواستووەتەوە.

### ١٠-گۆڕینەوەی خواستراو (Loan Exchange):

لەم جۆرەی خواستندا وشەیەكی خواستراوی نا ئاشنا بە وشەیەكی تری خواستراوی ئاشنا و باوی جیهانی ئاڵوگۆڕی پێدەكرێت (باطنی، ١٣٧٣، ٨٦))، وەكو گۆڕینی هەندێك لە وشە خواستراوە عەرەبییەكان بە وشە ئینگلیزییە باو جیهانییەكان لە زمانی كوردیدا:

-مەجلس ← پەرلەمان

-دەبابە ← تانك

-كاس عالەم ← مۆندیال

-مەتعەم ← ڕێستۆرانت

-سەف ← کلاس

-فاست ← ئێکسپایەر

## ١١- خواستنی ڕاستەوخۆ(Direct Borrowing):

بریتییە لە پرۆسەی خواستنی یەکەیەکی زمانی ڕاستەوخۆ لە زمانی بەخشەرەوە(A) بۆ زمانی وەرگر(B)، دوای ئەوەی یاسا و ڕێساکانی زمانی وەرگری بەسەردا جێبەجێدەکرێت، لە زمانە نوێیەکەدا پەسەند دەکرێت، زمانی کوردی بەهۆی ڕاستەوخۆ بەرکەوتنی بە چەندین زمانی جیاواز بە هۆکارەکانی دراوسێیەتی و داگیرکاری و بازرگانی و زانست و هۆیەکانی جیهانگیری...هتد، چەندان وشەی بە ڕاستەوخۆ لێیانەوە خواستووە، بۆ نموونە:

-لە زمانی عەرەبییەوە وشەکانی (حەج، زەکات، تەڵاق، عەقڵ، مامەڵە، خزمەت، جەیش، کەمالیات، مۆتە، شربەت، کحول ...هتد) خواستراوە.

-لە لە زمانی ئینگلیزییەوە وشەکانی (بیکاب(Pick Up) ڕۆڵ(Role)، سینەما(Cinema)، پرۆسە(Process)، کۆمپیوتەر(Computer)، ئایسکرێم(Ice-Cream)، بانك(Bank)، پەرلەمان(Parliament)، پاسپۆرت(Passport)، بلیت(Billet)، تیلیفۆن/تەلەفۆن (Telephone)، کۆد(Code)، ماسك(Masque)، ئینتەرنێت(Internet)، کۆنترۆڵ(Control)، پۆست(Post)، کۆپی(Copy)...هتد) خواستراوە.

-لە زمانی تورکییەوە وشەکانی: (بازرگان، پیادە، باجی، خانم، دۆندرمە، پاپراخ، قاورمە، شاورمە، کنافە، بۆرەك، (قاچ، یاسا، یاقووت، قات، قاوش(سدیق، ٢٠١١، ٥٨).

-لە زمانی فارسییەوە وشەکانی: (خانەوادە، ستایش، وەرزش، سروشت، مەیخانە، فالودە، مەرز، پاپوج، نارگیل، میدان، دستور، سرخۆش، میهرەجان، پایان(بێ پایان)، فەراهەم، وشەی(بەد) لە (بەد ڕەوشت، بەدبەخت، بەدناو)...هتد) خواستراوە.

-لە زمانی فەرەنسییەوە وشەکانی: (تەوالێت(Toilrtte)، کارت (Carte)، کودەتا(Coup Detat)، ئاژانس(Agence)...هتد) خواستراوە.

-لە زمانەکانی لاتینی و یۆنانییەوە وشەکانی: (هایدرۆجین(Hydrogen)، پرۆتۆکۆڵ(Protocole)...هتد) خواستراون.

-لە زمانی ئیتالییەوە وشەکانی : (پرۆڤە(Prova)، پاپۆر(Vapour)، کافتریا(Cafeteria)، گازینۆ(Casino)، ڤێلا(Villa)، بار(Bar)، پیتزا(Pizza)...هتد) خواستراوە.

-لە زمانەکانی ئەکەدی و سۆمەرییەوە وشەکانی: (ئەساس، ئومەت، ئینجانە، بەکرە، تەنوور، چەوەندەر، دوکان، شیعر، لۆبیا...هتد) خواستراوە (سدیق، ٢٠٢٠، ٩٨-١٠٨).

-لە زمانی ڕوسییەوە وشەکانی: (سەماوەر، کابینە...هتد) خواستراون.

## ١٢-خواستنی ناڕاستەوخۆ/ دەستی دوو( Indirect Borrowing):

بریتییە لە پرۆسەی خواستنی یەکەیەکی زمانی بە ناڕاستەوخۆ لە زمانی بەخشەرەوە بۆ زمانی وەرگر لە ڕێگەی زمانێکی ترەوە، بۆنموونە (زمانی وەرگر(B) بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وشە لە زمانی بەخشەرەوە (A) لە ڕێگەی زمانێکی ترەوە (C) دەخوازرێت( شقاقی، ١٣٩٢: ١٢٩) وشەی خواستراوەکە ڕاستەوخۆ لە زمانە بەخشەرە بنەڕەتییەکەوە نایەت، بەڵکو پێشتر زمانێکی تر خواستوویەتی و بەپێی یاسا و ڕێسای زمانەکەی خۆی گۆڕانی فۆنۆتاکتیکی بەسەرداهێنراوە، ئەمجا زمانی وەرگر لە دەستی دووەمەوە وەریدەگرێت و دووبارە دەیخاتە ژێر فۆنۆتاکتیکی زمانەکەی خۆیەوە، بۆیە ئەو وشانەی بەم ڕێگەیە دەخوازرێن زیاتر لە جارێك گۆڕانی فۆنۆتاکتیکیان بەسەردا

دەهێنرێت، وەهای لێدەکرێت بە ئاسانی لەلایەن زمانە بەخشەرە بنەڕەتییەکەوە نەناسرێتەوە، بۆنموونە زمانی کوردی ناو وڵاتەکانی وەکو (چین، ئۆرگوایی، چیچان)ی بە فۆرمی (سین، ئۆرغوایی، شیشان) لە زمانی عەرەبییە وەرگرتووە، کە بەهۆی نەبوونی فۆنێمەکانی (/چ/،/گ/) لە زمانی عەرەبیدا گۆڕانی فۆنەتیکیان بەسەردا هێنراوە، هەروەها وشەی (قۆپی)شی لە زمانی تورکییەوە خواستوویەتی، کە لە بنەڕەتدا لە وشەی (Copy)ی زمانی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە، دوای ئەوەی گۆڕانی لە ڕووی فۆرم و واتاوە بەسەردا هێنراوە. لەپێشودا زمانی کوردی بەهۆی دراوسێیەتی و داگیرکاری و بازرگانی و کولتوری و ڕۆشنبیری...هتد)هوە، زۆربەی وشە خواستراوەکانی بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە زمانی عەرەبییەوە خواستووە، بەڵام لەم ساڵانەی دوای بە تایبەتی دوای ڕاپەڕینی گەلی کورد، کە بووەهۆی کرانەوەی گەلی کورد بەڕووی وڵاتانی تری جیهان، بەهۆی هۆیەکانی پەیوەندیکردن و هاتوچۆ و کۆچ و خوێندن و بازرگانی...هتد، وەکو زمانێکی بایەخپێدراوی جیهانی وشە بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە زمانی ئینگلیزییەوە دەخوازرێت. زمانی کوردی بە شێوازی ناڕاستەوخۆ چەندین وشەی خواستووە، وەکو:

-لاتینی و یۆنانی لە ڕێگەی ئیتالییەوە: (پرۆپاگەندە(Propaganda)، ماکرۆنی(Macaroni)، باڵەکۆن(Balcony)...هتد).

-لاتینی و یۆنانی لە ڕێگەی فەرەنسییەوە: (ئەلبوم(Album)، ڕادیۆ(Radio)...هتد).

-لاتینی و یۆنانی لە ڕێگەی ئینگلیزییەوە: (تێلیفۆن(Telephone)، دیالێکت(Dialect)، فۆنەتیك(Phonetic)، کۆلیسترۆڵ(Cholesterol)، تراکتۆر(Tractor)، پاوەند(Pound)، تاکتیك(Tactic)...هتد).

-ئینگلیزی لە ڕێگەی تورکییەوە: (قۆپی(Copy)...هتد).

-فەرەنسی لە ڕێگەی ئینگلیزییەوە: (بودجە(Budget)، تێنس(Tennis)، هەروەها وشەی (جگەرە)ش لە (Cigarette)ی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە، بەڵام بنچینەی وشەکە فەرەنسییە (تاهیر، ٢٠١٢، ٢٥٨).


- ئینگلیزی لە ڕێگەی عەرەبییەوە: (فەلسەفە، سین، شیشان، شانس...هتد).

-فارسی لە ڕێگەی عەرەبییەوە: (باینجان(بادمجان)، جۆراب...هتد).

- لاتینی و یۆنانی لە ڕێگەی زمانی عەرەبییەوە:(ئیبلیس((Evlipis، بیتاقە (Pitakion)، بەتریق(Patrikio)، سابون(Sapon)،فەلسەفە(Phil Osophy)، دینار (Denarium)...هتد).

-چینی لە ڕێگەی ئەکەدی و ئارمییەوە( برنج...هتد(سدیق، ٢٠٢٠، ٩٩).

-هیندی لە ڕێگەی ئینگیزییەوە: زمانی کوردی وشەی (بیجامە) لە وشەی (Pyjama)ی زمانی ئینگلیزییەوە وەرگرتووە، ئەویش لە زمانی هیندی خواستووە((تاهیر، ٢٠١٢، ٢٥٨)).




هێڵکاری خواستنی وشە بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ

-زمانی کوردی وەکو زۆربەی زمانەکانی تری جیهان بۆ ئەوکەرەستە و چەمکە نوێیانەی بە بەردەوامی سەرهەڵدەن و دێنە زمانەکەوە، بۆ ناونان و ناسینەوەیان، شانبەشانی سازکردنی وشەی نوێ، وشەی لە زمانەکانی تریشەوە خواستووە.

٢-زمانی کوردی هەرەمەکی وشە ناخوازێت، بەڵکو یاساورێسا زمانییەکانی بەسەر زۆربەیاندا سەپاندووە، مۆرکێکی کوردیانەی بە زۆربەی وشە خوازراوەکان بەخشیوە.

٣-لە پرۆسەی وشەخواستندا، زمانی کوردی گۆڕانی بەسەر بێژەی زۆربەی وشەی خوازراوەکاندا هێناوە، هەندێکی تریان گۆڕانی واتایان تێداکراوە یان بەپێی بیرکردنەوەی کۆمەڵ گوزارشتیان لێکراوە یان لە سازکردنی وشەی نوێدا بەشدارییان پێکراوە.

٤-زمانی کوردی بەزۆری بە شێوازەکانی (هاوردە، کوردێنراو، وەرگێڕان، گوزارشتلێکردن، خواستنەوەی خواستراو، دووڕەگ، گۆڕینەوەی خواستراو، ئاوێتەکردن...هتد) وشەی خواستووە.

٥-زمانی کوردی بە هەردوو ڕێگای ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ وشەی لە زمانەکانی ترەوە وەرگرتووە، هەندێك وشەش بە زیاتر لە زمانێکدا تێپەڕیون.

٦-زۆربەی ئەو وشە خواستراوانەی هاتوونەناو زمانی کوردییەوە، بە هەردوو شێوازی هاوردە و کوردێنراو خواستراون.

٧-لەپێشوودا بەهۆی دراوسێیەتی و داگیرکارییەوە، زمانی کوردی بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ وشەی لە زمانی عەرەبییەوە خواستبووە، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی هۆیەکانی جیهانگیرییەوە، بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ زیاتر لە ڕێگەی زمانی ئینگلیزییەوە وشە دەخوازێت.

## سەرچاوەکان

### زمانی کوردی:


١-حەسەن، تابان محەمەد سەعید(٢٠٠٨)، گەشەسەندن و پوکانەوەی گەنجینەی وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٢-عەبدولغەنی، سۆزان سەعدوڵڵا(٢٠١٩)، وەرگرتن و بەکارهێنانی زاراوە لە ئاخاوتن و نووسیندا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

٣-عەللاف، پەروین عوسمان مستەفا (٢٠٠٩)، واتا و وەرگێڕان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر.

٤- تاهیر، شەهاب شێخ تەیب (٢٠١٢)، بنەما و پێکهاتەکانی زاراوە لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

٥- سدیق، فاروق عومەر(٢٠١١)، لە دایکبوونی وشە، چاپخانەی شڤان، چاپی یەکەم, سلێمانی.

٦- سدیق، فاروق عومەر(٢٠٢٠)، قەرزی وشە، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٧- سلێمان، ئازاد عەزیز (٢٠١٤)، ململانێی زمان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٨- شوانی، ڕەفیق(١٩٩٨)، کاریگەری بزوتنەوەی کورد و فراوانبوونی فەرهەنگی وشەی زمانی کوردی، گۆڤاری کاروان، ژمارە(١٢٧).

٩- کەمریێ، بێرنارد و دایەمەند، جێردید و واڵن، دەوگ و هارس، ك.دەیڤید (٢٠٠٧)، زمان، وەرگێڕانی کامیل محەمەد قەرەداخی، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپی یەکەم.

١٠- مارف، ئەورەحمانی حاجی(٢٠٠٠)، زمانی کوردی و خەوشی هەندێ وشە و زاراوەی نوێ، بەغداد، مكتب السفار للأستنساخ.

١١- مەحوی، محەمەدی(٢٠١٠)، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، زانکۆی سلێمانیی، ،بەرگی یەکەم، سلێمانیی.

١٢- فتاح، محەمەد معروف(٢٠١١)، زمانەوانی، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی سێیەم، هەولێر.

١٣- نەریمان، بەهمەن تاهیر(٢٠١٣)، کاریگەری قورئان لەسەر زمانی کوردی، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

**زمانی عەرەبی:**

١٤- ئۆلمان، ستيڤان(١٩٨٧)، دوور الكلمة فى اللغة، ترجمهة: كمال محمد بشير، مكتبة الشباب، القاهرة.

١٥- عبدالتواب، رمضان (١٩٩٧)، التطور اللغوي: مظاهره و علله و قوانينه، القاهره.

١٦- ج، فندريس(١٩٥٠)، اللغة، ترجمه: عبدالحميد الدواخلي و مجمد القصاص، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة.

١٧- الخولى، محمد على(١٩٨٧)، الحياة مح لغتي(الثنائية اللغوية)، الطابيع الأول، جامعة الملك سعود ، الرياض.

**زمانی فارسی:**

١٨- باطنى، محمد رضا(١٣٧٣) زبان و تفكر، فرهنگ معاصر، تهران.

١٩- شقاقى، ويدا(١٣٩٢)، مبانى صرف، چاپ ششم، سمت، تهران.

**زمانی ئینگلیزی:**

20- E, Haugen (2009), the Analysis of Linguistic Borrowing, Language, 26(2).

21- M, Haspelmath & U, Tadmor (2009), Loanwords in the world's languages: a comparative handbook. Walter de Gruyter.

22- Pei, Mario (1966), Glossary of Linguistics Terminology, New York: Anckor Books.

23- T.J, Curnow (2001), what language features can be "borrowed", Areal diffusion and genetic inheritance: problem in comparative linguistics.

24- Abdullah, M. K., Muhammad, S. N., & Othman, N. S. (2020). Agreement morphological structures in the Hawrami sub-dialect. Halabja University Journal, 5(3), 1-25.

25- Abdullah, M., & Muhammed, P. (2021). Globalisation and Death of Language. Journal of Garmian University, 8(3), 97-110.

26- Mehwi, M. A., & Aziz, A. S. (2018). Verbal Noun and Inflected Verb. International Journal of Kurdish Studies, 4(1), 1-26.